# دوا کۆچی هونەرمەند و شاعیر و روناکبیر و نیشتمانپەروەر
# خالید دلێر



نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێر و روناکبیر و هونەرمەند و نوسەر و شاعیری ناوداری کورد( خالید عەبدولواحد) ناسراو بە (خالید دلێر) لە بەرەبەیانی 17 ی کانونی یەکەمی2011 دا دوا ماڵئاوایی لە دۆست و هاوڕێیان و هەموو نەتەوەی کورد کرد و گۆرستانی کۆیە و لە تەنیشت گۆڕی شەهید جەعفەر عەبدولواحیدی برایەوە لە نێو ئاپۆڕەی ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دوا مەزاری بووە ئارامگەی هەمیشەیی.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی خالید دلێری نەمر،، سلاو لە سرودەکانی ( ئێمە رۆڵەی کاوەی نەبەردین ، پێشمەرگەین بە هەڵمەتین، سڵاو لە کاکی دورە ووڵات،چەپکێک سڵاوو درودیش بۆ دیوانە ناودارەکەی(( ئاگر و گوڵ)).

خامەی نوسەران وێڕای پرسە و سەرەخۆشی خۆمان کەدەگەیننە کۆیە و بنەماڵەی ئەم تێکۆشەرە روناکبیرە مەزنە و هەموو میللەتی کورد. دوا کۆچی ئەم مرۆڤە مەزنانە بەزیانێك دەزانین بۆ سامانە نەتەوایەتیەکانی کورد و روناکبیری و ئەدەبی کوردی .